هەرێم داوا لە بەغدا دکات نزیک تەنیا موچە بڕەکو بەش بودجەی هەرێمی کوردستانییش بنێرێت



ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەو کۆبونەوەی ئەمڕێدا داوا لە بەغدا دکات نزیک تەنیا موچە بڕەکو بەش بودجەی هەرێمی کوردستانییش بپێی ڕێژەی 14.1% سەرژمێریی گشتیی دانیشتوانی عێراق بنێرێت. هەروەها جەختیش دەکاتەوە لەو ئەوڵەویەتدان بە ناردنی 120 ملیار دیناری داهاتی ناوخۆ بۆ بەغدا پێش هەر خەرجییەکی دیکە.

ئەمڕۆ چوارشەممە، بەسەرپەرشتی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیران و بە ئامادەبونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆبونەوەکە، لە سەرێتای کۆبونەوەکەدا، دوا هەواڵستی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و خەرجکردنی موچەی مانگی شوباتی موچەخۆرانی هەرێم و بەدواداچونی دەرئنجامی دوا کۆبونەوەی تیمی هاوبەشی هەردو دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ و هەرێم سەبارەت بە پابەندیی دارایی هەردو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم بەرامبەر یەکتر، لەلایەن ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابوری و ئەندامانی دیکەی شاندی دانوستانکار خرایە ڕو.

ئەنجومەنی وەزیران دوپاتی کردەوە کە پێویستە حکومەتی فیدراڵ تەنیا موچە و شایستەی دارایییەکانی موچەخۆرانی هەرێم، بەکو بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی فیدراڵ بە پێی ماددەی 14.1ی سەرژمێری گشتیی دانیشتوانی عێراق بنێرێت، بە تایبەتیش کە هەرێمی کوردستان پابەندیی نەوتیی و دارایی خۆی بە تەواوی جێبەجێ کردوە و لیستی موچە و تێرازوی پێداچوونەوەی مانگانەش لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمەوە بە کەموکوڕی ئاراستەی وەزارەتی دارایی فیدراڵ کراوە.

سەبارەت بە پابەندیی ناردنی 120 ملیار دینار بە مانگی شوباتیش، ئەنجومەنی وەزیران جەختیکردەوە لەسەر ئەوەیتدان بە ناردنی ئەم پارەیە پێش هەر خەرجییەکی دیکە تاوەکو هیچ پاساوێک بە وەزارەتی دارایی عێراق نەمێنێتەوە بە دواخستنی خەرجکردنی موچەی مانگی شوبات و مانگەکانی دیکەش.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لە بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان لەسەر ئەم بڕگەیە، دەرئەنجامی کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردو دیوانی چاودێری دارایی لە بەغدا لە ڕۆژی 2026/2/23 خرایەڕو سەبارەت با پابەندییە دارایییەکانی هەردو حکومەت و هەمو ئەو بڕگە و بنەما دەستوریی و قانونی و دارایانەش ئاماژەیان پێکراوە کە پاڵپشتیی شایستەی دارایییەکانی هەرێم دەکەن.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، لە بڕگەی دووەمدا، شێخ ئیسماعیل وەزیری کاروباری پێشمەرگە، ڕاپۆرتێکی خستەڕو دەربارەی هەنگاوەکانی ئەم دواییەی جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و ڕێکخستنەوەی سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە و پوختەی کێنوسی واژەکراوی هاوبەشی لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیی و ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەڤەرەکان.

ئەنجومەنی وەزیران "وەک دەستخۆشی لە سەرکایەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە و لیژنە هاوبەشەکان، ئەم هەنگاوەی بە گرنگ و مێژویی وەسف کرد لە ڕووی ڕێکخستنەوەی سەرجەم هێزەکان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە و دەستنیشانکردنی دەسەڵاتی فەرماندەیی دەڤەرەکان و پێکەربەندیی نوێی هێزەکانی پێشمەرگە، لە هەمانکاتدا ئەنجومەنی وەزیران سوپاسی هاوبەشە نوێدەوڵەتییەکانی کرد کە هاوکار و پاڵپشتی پرۆسەکەیان کرد.

ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی ڕاسپارد بە گوێرەی کێنوسی هاوبەشی پەسەندکراو، کاری پێویست ئەنجام بدەن.

لە بگەی سیەم و کتایبدا، ئەنجومەنی وەزیران گفتوکۆی لە بارەی پێشنیارکی ببەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆ کرد تایبەت بە درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بە بیاری پێشوی ئەنجومەنی وەزیران سبارەت بە لێخشبونی ێژەی 20% لە سزاکانی سەرپێچی هاتوچۆ بە ماوەی شش مانگی دیکە واتا تاکو 2026/6/30 .

ئەنجومەنی وەزیران پێشنیارکەی پەسند کرد و ێژەی لێخشبونی سزاکانی سەرپێچیێکانی هاتوچۆ، بە شش مانگی دیکە درێژ کرایەوە.